

ئەگەرەکانی تر..

مەریوان وریا قانع دەینوسێت

# کێ دین دەچەوسێنێتەوە؟

لەسەرەتای مانگی یەکی ساڵی پاردا رێکخراوێکی ئاینی نێو دەوڵەتی کە چاودێری بارودۆخی چەوساندنەوەی ئایینی لەجیهاندا دەکات راپۆرتێکی دەربارەی ئەو وڵاتانە بڵاو کردەوە کە چەوساندنەوەی ئایینیان تێدایە. لەو راپۆرتەدا گرنگترین دە دەوڵەت کە ئەم چەوساندنەوەیە ئەنجام دەدەن لەسێ بلۆکدا کۆکراونەتەوە. یەکەمیان بلۆکی وڵاتە ئیسلامییەکانن کە بریتین لەسعودیەو ئێران و تورکمانستان، سێیەمیشیان دوو وڵاتی بودین کە بریتین لەبۆتان و میانمار، یەکەمی جیهان لەرادەی چەوساندنەوەی ئاینیدا کۆریایە، دووەم سعودیەو سێیەم لاوس و چوارەم ڤێتنام و پێنجەمیش ئێرانە.

ئەم وڵاتانە سەرەرای جیاوازی ئایدۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و سیاسی نێوانیان لەم خاڵانەدا هاوبەشن:

یەکەم: لەهەر یەکێك لەو وڵاتانەدا دەوڵەتێك ئامادەیە کە هەڵگری سیستەمێکی عەقائیدییە، دەوڵەت دامەزراوێکی بێلایەن و ناوکۆیی و ناوبژیکەرو چاودێریکەرو رێکخەری ململانێ و کێشەو کێبڕکێ کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتورییەکان نییە، بەڵکو خۆی هەڵگری دیدێکی ئایدۆلۆژی و عەقائیدییە کە بەسەر هەموو کۆمەڵگادا دەیسەپێنێت. لەکۆریادا دۆگماتیزمی ستالینی سۆسیالیستی عەقیدەی دەوڵەتە، لەکاتێکدا لەسعودیە وەهابیزم و لەئێرانیشدا خومەینیزم ئایدۆلۆژیای دەوڵەتن، لەهەموو ئەو دۆخانەشدا دەوڵەت بەهۆی دەزگاکانی توندوتیژی و میدیاو سیستمی خوێندن و سەربازی و بەرێوەبردنی کەرتە ئابوورییە گرنگەکانەوە ئەو عەقیدەیە بەسەر هەمواندا دەسەپێنێت، ئەوەشی لێی لادەدات دەکەوێتە بەر غەزەبی ئەو عەقیدە باڵا دەستەوە کە لەزۆربەی کاتدا بەزمانی کوشتن و برین و سووکایەتی پێکردن ئەدوێت.

دووەم: سیستمی سیاسی ئەو وڵاتانە بەپلەی یەکەم سیستمێکی دیکتاتۆرییە کە کاریزمایەکی دروست کراو دەبیات بەرێوە، لەسەرۆکی تاقانەو هەموو شت زانی کۆریاوە بۆ خادمی حەرەمەینی شەریفی سعودیەو لەوێشەوە بۆ مورشیدو رابەری شۆرشی ئیسلامی لەئێراندا، رۆڵی ئەم تاکە کەسانە لەبەرێوەبردنی سیستمەکەدا رۆڵێکی گەورەیەو بەشی هەرە زۆری سەرداوەکانی دەسەڵات لەدەستی ئەواندا کۆبوونەتەوە.

سێیەم: لەنێوان دیکتاتۆریەتی دینی و دیکتاتۆریەتی عەلمانیدا جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە هەردووکیان دوو رووی جیاوازی یەك پارەن. لەکۆریادا دین یاساغەو عەلمانیەتێکی پەرگیر لەفۆرمی کۆمۆنیزمدا ئامادەیە، لەسعودیە ئایدۆلۆژیای دینی لەباڵە سوننیە هەرە دۆگماییەکەیدا ئامادەیە، لەئێراندا ویلایەتی فەقیە سەروەرە، ئەوەی شایانی سەرنجە ئەوەیە ئەوەی لەئێراندا ئیسلامی راستەقینەیە لەسعودیە یاساغەو ئەوەی لەکۆریاش سەروەرە هەم لەئێران و هەم لەسعودیە یاساغن، ئەم سیستمانە جگە لەدەنگدانەوەی دەنگی خۆیان نایانەوێت هیچی دی ببیستن.

بەکورتی کۆریاو سعودیەو ئێران سێ حیکایەتی چەوساندنەوەی دینیمان بۆ دەگێڕنەوە کە لەجەوهەردا سێ نەغمەی جیاوازی یەك حیکایەتن. حیکایەتی عەقیدەیەکی باڵادەستی دەوڵەتی کە هەموو جۆرە بیروبۆچوون و دیدو خەیاڵێکی تری دینی و نادینی یاساغ دەکات. لەمەشدا یەکەمیان سیستمێکی کۆمۆنیستی ستالینی دۆگمایی تاك حیزبی و تاکسەرکردەیی بەرێوە دەبات، دووەمیان سیستمێکی دینی داخراوو چەپێنەری ئیسلامی سوننی مەزهەبی وەهابی و خێڵەکی و پادشایی داخراوی تێکەڵ بەنەوت، لەسێیەمیشدا سیستمێکی سیاسی چەپێنەرو مەزهەبی ویلایەتی فەقییە کە شوانێکی شیعی بەهاوکاری لەشکرێك لەشێخول ئیسلام و ئایەتوڵڵاو میلیشیای دینی و نادینی حوکم دەکەن، وەك چۆن سیستمە عەلمانییە پەرگیرو دوگامییەکە دین و نادین دەچەوسێنێتەوە، بەهەمان شێوەش سیستمە دینییەکانیش هەم دین و هەم دیدە نادینییەکان دەچەوسێننەوە.

ئەوەی لەم جۆرە سیستمانەدا دەکوژرێت ئازادییە، سەرەرای جیاوازی ئایدۆلۆژیای نێوان کۆریاو سعودیەو ئێران، هەرسێکیان لەوەدا یەکن کە ئازادی فیکری و عەقائیدی قبووڵ ناکەن و جگە لەهەقیقەتی بەپیرۆز کراوی دەوڵەت کە هەقیقەتی نوخبەی سیاسی و ئاینی باڵا دەستە، هیچ هەقیقەتێکی دیکە مافی بوون و ژیان و

دەکوژرێت ئازادییە، نەك تەنها ئازادی دین و عەقیدە، بەڵکو هەموو ئەو فۆرمانەی تری ئازادیش کە لەدەرەوەی ئازادی دینیدا ئامادەن و تەعبیر لەئیرادەی ئازادی ئینسان دەکەن. لەئازادی جلوبەرگەوە بیگرە بۆ ئازادی سەفەرو خوێندن و هەڵبژاردنی شێوەی ژیان و هەبوونی راو بۆچوونی تایبەت هتد..

رەنگە سەرەکیترین کێشەی ئەم جۆرە سیستمە عەقائیدییانە لەوەدا بێت کە خۆیان تەنها بەنوێنەری خەڵك و واقیعێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی کاتی و قابیلی گۆران و پڕ ململانێ نازانن، بەڵکو خۆیان بەنوێنەری بەرنامەو بەهاو یاسای هێزێکی بان سروشتی و بان مێژوویی دەزانن. هێزێکی بان مێژوویی گوایە لەرێگای ئەوانە ئیرادەی خۆی لەجیهاندا پیادە دەکات.

کۆمۆنیزم بەناوی لۆژیك و یاسا بابەتییەکانی مێژووەوە ئەدوێت و ئارەزوو برپارو ویستی سەرکردەکانی وەك دەرکەوتی ئەو یاسا گریمان کراوانە نمایش دەکات. دەسەڵاتی دینیش بەناوی خوداوەندەوە دەدوێت و ئەو کارانەی ئەنجامیان ئەدات وەك جێبەجێکردنی ویستی خواوەندو پێغەمبەرەکانی دەخاتە روو. بەمانایەکی دیکە لەم جۆرە سیستمانەدا دەسەڵات خۆی وەك دیاردەیەکی سەرزەمینی تێکەڵ بەوردەکارییە ناشیرین و پڕ کێشەو پڕ ململانێکانی ژیانی رۆژانە نیشان نادات و بەهیچ جۆرێك خۆی گرێنادات بەتەماحی سیاسی تاکە کەس و گروپە جیاجیاکانەوە، بەڵکو خۆی وەك تەعبیر لەویستی خوداوەندە، بێگومان ئەرکی سەرەکی ئەم ستراتیژە تایبەتە شاردنەوەی رەگە سەرزەمینییەکانی دەسەڵاتە، شاردنەوەی ئەو راستییە سادەیە کە هەموو دەسەڵاتێك دەسەڵاتێکی سەر زەمینییەو بەرگری لەدیدی هێزێکی سیاسی دیاریکراو دەکات. ئەرکی خوداو ئەرکی مێژوو لەم سیستمانەدا بەخشینی رەوایەتییە بەدەسەڵاتدارانی ئەو سیستمە، لەراستیدا ئەوەی لەم سیستمانەدا جێبەجێ دەکرێت ئەرکەکانی خودا نییە، بەڵکو ئەرکی نوخبەیەکی سیاسییە کە ئەرکەکانی خۆی بەئەرکی خودا یەکسان دەکات. بەمانایەکی دیکەی دەسەڵاتداران لەو جۆرە سیستمانەداو نەلەهیچ سیستمێکی دیکەشدا ئەرکی خودا جێبەجێی ناکەن، بەڵکو ئەرکی خۆیان خۆیان جێبەجێی دەکەن و بەسەر خودایدا دەسەپێنن، لۆژیکی مێژوو دانابەزێننە ناو واقیعەوە بەڵکو لۆژیکی خۆیان بەسەر مێژوودا دەسەپێنن، ئەوان بۆ خودا ئیش ناکەن بەڵکو خودا بۆ ئەوان ئیش دەکات.

مەترسی سەرەکی ئەم ستراتیژە لەوەدایە کە کۆمەڵگا رووبەرووی دەسەڵاتێك دەکاتەوە کە مەودای لێپرسینەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی تیانامێنێت، چونکە گوایە ئەوەی دەسەڵاتداران جێبەجێی دەکەن بەرنامەی خۆیان نییە وەك ئینسان بەڵکو بەرنامەی خودایە، مادامەکی بەرنامەی خوداشە هیچ ئینسانێك بۆی نییە لێیبپرسێتەوەو داوای چاودێری کردنی بکات. هەر ئەمەشە وادەکات ئەم جۆرە سیستمانە ببنە هەڵگری درندەترین شێوەکانی توندوتیژی.

لێپرسینەوە لەم سیستمانەدا لێپرسینەوەی خوداو مێژووە لەخەڵك بۆیە لێپرسینەوەیەکی توندو بێئامان و سزا بەخشە. تاوانبار لەم سیستمانەدا تەنها تاوانی بەرامبەر بەو نوخبە سیاسییە باڵا دەستە نەکردووە کە وڵاتەکە بەرێوە دەبەن، بەڵکو بەرامبەر بەمێژوو خوداوەندیش کردوویەتی. بۆیە ئەو ئەمرانەی کە دەردەکرێن بۆ کوشتن و لەناوبردن، بۆ بێماف کردن و زەلیل کردن، وەك ئەمری خوداوەندو ئەمری مێژوو نمایش دەکرێن. لەم دۆخەدا دەسەڵاتداران وای نیشان دەدەن کە شەرەکانیان شەری ئەوان نییە لەگەڵ دوژمنەکاندا بەڵکو شەری خوداو شەری مێژووە لەگەڵیاندا.

بەکورتی ئەو سیستمەی کە دین و نادینیش دەچەوسێنێتەوە سیستمە ئایدۆلۆژی و عەقائیدییە پەرگیرو دۆگماییەکانن کە دەشێت بەناوی دینێکی ئاسمانی یان دینێکی سەر زەمینییەوە حوکم بدەن، پرسیاری سەرەکی ئەوە نییە کام دین و ئایدۆلۆژیا راسترین دین و ئایدۆلۆژیان، پرسیاری سەرەکی ئەوەیە چۆن هەموو دین و ئایدۆلۆژییەکان بەتەنیشت یەکەوە بتوانن بژین.




# دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق

بەپێی ئەو ئەنجامانەی کە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، رۆژی 2/13 بڵاویکردەوە، ئەو لیستانەی لەهەڵبژاردنی رۆژی 1/30دا توانیویانە کورسیی پەرلەمانی عێراقی بەدەست بێنن، ئەمانەن:

| ناوی لیست | ژمارەی دەنگەکان | رێژەی سەدی | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|
| هاوپەیمانێتیی یەکگرتووی عێراق (سیستانی) | 4,075,295 | ٪٤٨,١٩ | ١٣٢,٥ |
| هاوپەیمانێتیی کوردستان | 2,175,551 | ٪٢٥,٧٣ | ٧٠,٧ |
| لیستی عێراقی (عەللاوی) | 1,168,943 | ٪١٣,٨٢ | ٣٨ |
| عراقییون (یاوەر) | 150,680 | ٪١,٧٨ | ٤,٩ |
| بەرەی تورکمانی عێراق | 93,480 | ٪١,١١ | ٣ |
| الکوادر والنخب الوطنیة المستقلة | 69,938 | ٪٠,٨٣ | ٢,٣ |
| اتحاد الشعب (حیزبی شیوعی عێراق) | 69,920 | ٪٠,٨٣ | ٢,٣ |
| کۆمەڵی ئیسلامی لەکوردستان | 60592 | ٪٠,٧٢ | ٢ |
| منظمة العمل الاسلامي | 43,205 | ٪٠,٥١ | ١,٤ |
| التحالف الوطني الدیمقراطي | 36,795 | ٪٠,٤٤ | ١,٢ |
| قائمة الرافدین الوطنیة | 36,255 | ٪٠,٤٣ | ١,٢ |
| کتلة المصالحة والتحریر | 30,795 | ٪٠,٣٦ | ١ |
| کۆی گشتی | 8,011,449 | 94.75% | 260.5 |

ژمارەیەکی زۆر حیزب و لیستی عێراقی لەهەڵبژاردنەکاندا بەشدار بوون. بەڵام تەنها ئەو لیستانەی سەرەوە توانیویانە کورسی لەپەرلەماندا بەدەست بێنن. بەپێی رێساکانی هەڵبژاردن، ئەو لیستەی لە ٣٠هەزار دەنگ کەمتری هێنابێت، ناچێتە ناو پەرلەمانەوە. هەموو ئەو دەنگانەش کە دراون بەو لیستانەی کە لە ٣٠هەزار دەنگ کەمتریان هێناوە، جارێکی تر دەچنەوە بۆ ئەو لیستانەی لەو ژمارەیە زیاتریان هێناوە، هەریەکەیان بەپێی ئەو رێژەیەی بەدەستی هێناوە. بۆ نموونە، رێژەی ٢٥,٧٣٪ی دەنگی ئەو لیستانەی لە ٣٠ هەزار کەمتریان هێناوە، دەچێتەوە سەر لیستی هاوپەیمانێتیی کوردستان، رێژەی ٤٨,١٩٪ ی ئەو دەنگانەش، دەچێتەوە سەر لیستی هاوپەیمانێتیی یەکگرتووی عێراق (لیستەکەی سیستانی). بەم شێوەیەش، ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکەو ژمارەی کورسییەکانی هەریەك لە لیستە براوەکان بەم شێوەیە دەبێت:

| ناوی لیست | ژمارەی دەنگەکان | رێژەی سەدی | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|
| هاوپەیمانێتیی یەکگرتووی عێراق | ٤٣٠١٥٦٥,٨ | ٪٥٠,٨٧ | ١٤١ |
| هاوپەیمانێتیی کوردستان | ٢٢٩٦٣٥٩ | ٪٢٧,١٦ | ٧٥ |
| لیستی عێراقی (عەللاوی) | ١٢٣٣٨٤٥,٢ | ٪١٤,٥٩ | ٤١ |
| عراقییون (یاوەر) | ١٥٩٠٤٦,١ | ٪١,٨٨ | ٥ |
| بەرەی تورکمانی عێراق | ٩٨٦٧٠,٢ | ٪١,١٧ | ٣ |
| الکوادر والنخب الوطنیة المستقلة | ٧٣٨٢١,١ | ٪٠,٨٧ | ٢ |
| اتحاد الشعب (حیزبی شیوعی عێراق) | ٧٣٨٠٢,١ | ٪٠,٨٧ | ٢ |
| کۆمەڵی ئیسلامی لەکوردستان | ٦٣٩٥٦,٢ | ٪٠,٧٦ | ٢ |
| منظمة العمل الاسلامي | ٤٥٦٠٣,٨ | ٪٠,٥٤ | ١ |
| التحالف الوطني الدیمقراطي | ٣٨٨٣٧,٩ | ٪٠,٤٦ | ١ |
| قائمة الرافدین الوطنیة | ٣٨٢٦٨ | ٪٠,٤٥ | ١ |
| کتلة المصالحة والتحریر | ٣٢٥٠٤,٨ | ٪٠,٣٨ | ١ |
| کۆی گشتی | ٨٤٥٦٢٨٠,٢ | ٪١٠٠,٠٠ | ٢٧٥ |

بەواتایەکی تر، لانی کەمی ژمارەی ئەندامانی کورد لەپەرلەمانی عێراقدا بریتی دەبێت لە:

75 ئەندامی لیستی هاوپەیمانێتی دیموکراتیی کوردستان + 2 ئەندامی لیستی کۆمەڵی ئیسلامی = 77 ئەندامی کورد

# دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان

بەپێی ئەو دەنگانەی لە شارەکانی کوردستاندا هاتووە، بۆ ئەوەی هەر لیستێك یەك کورسی لەپەرلەمانی کوردستان بەدەست بێنێت، دەبێ ١٥٨٠١ دەنگ بێنێت. هەموو ئەو لیستانەی لەو ژمارەیە کەمتریان هێناوە، دەنگەکانیان جارێکی تر دابەش دەکرێتەوە بەسەر لیستە براوەکاندا، هەریەکەیان بەئەندازەی رێژەی خۆی. بەم پێیە دەنگی ماوە دەکاتە ١٧٥٣٩١٩ (کۆی گشتیی دەنگەکان)- ١٦٧٦٤٨٥ (دەنگی لیستە براوەکان) = ٧٧٤٣٤

ئەم دەنگانەش دابەش دەکرێنەوە بەسەر براوەکاندا، لەئەنجامدا کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان بەم شێوەیە دابەش دەکرێن:

| ناوی لیست | رێژەی سەدی | رێژەی سەدی پاش دابەشکردن | کورسی |
|---|---|---|---|
| لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان | ٪٨٩,٥٥ | ٪٩٣,٧ | ١٠٤ |
| کۆمەڵی ئیسلامی لەکوردستان | ٪٤,٨٦ | ٪٥,١ | ٦ |
| حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان | ٪١,١٧ | ٪١,٢ | ١ |

# زەوی وەرگرتن بەر موڵکدارەکان ناکەوێت

**سلێمانی، پ. هاولاتی:** وەزارەتی شارەوانی بریاردەدات کەلەو ٤٠٠٠ پارچە زەوییەی دابەشی دەکات بەسەر فەرمانبەر وماموستایان و دەزگاکانی تری حکومەتی هەرێمدا ئەو خێزانانە ناگرێتەوە کەزەوی یان خانووی تریان بەناوەوەیە. وەزارەتی شارەوانی ئیدارەی هەرێم لەسلێمانی بریاری دا نزیکەی(٤٠٠٠) پارچە زەوی بەسەر فەرمانبەران و ماموستایان و دەزگاکانی تری حکومەتی هەرێمدا دابەش بکات، ئەندازیار ئیبراهیم ئەحمەد ناسراو بەهاورێ سەنگاو جێگری وەزیری شارەوانی لە لێدوانێکی تایبەت بەهاولاتی رایگەیاند" زەوی دابەشکردن بۆ چارەسەرکردنی گرفتی نیشتەجێبوونە نەك ئیمتیازات، هەربۆیە لەقۆناغی یەکەمدا زەوی وەرگرتن ئەو خەڵکانە ناگرێتەوە کە زەوی و خانویان بەناوەوە تۆمار کرابێت، تەنانەت نابێت منالی خوار هەژدە سالیش هیچی بەناوەوە تۆمار کرابێت".

ئەم برپارە بۆتە مایەی نانەوەی کێشە لەنێو ژمارەیەك لەفەرمانبەراندا بەتایبەتی ئەوانەی کەخاوەنی زەوی و موڵکن و ماوەیەکی زۆرە لەنێو دامەزراوە حکومییەکاندا کاردەکەن.

# کەللەی سەری هاوڵاتییەك لای مزگەوتێکەوە فرێدەدرێت

**کەرکوك، پ. هاولاتی:** دوێنێ پۆلیسی کەرکوك کەللەی سەری هاوڵاتییەکی گەنجی لە نزیك مزگەوتی (نور) لەشاری کەرکوك دۆزییەوە کەپێشتر سەربرابوو.

عەمید سەرحەد قادر بەرێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکان بە هاوڵاتی راگەیاند کە کاتژمێر ٦ی ئێوارەی دوێنێ پۆلیسی کەرکوك سەری مرۆڤێکی لە نزیك مزگەوتی "نور" کە دەکەوێتە سەر رێگای بەغداد دۆزییەوە. هەروەها وتی "مەزەندە دەکرێت ئەو گەنجە تەمەنی ١٥-١٧ ساڵان بێت". تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە نەزانراوە ئەو سەرە براوە سەر بەچ نەتەوەیەکە.